## ئایا Smittestopp چیە؟

Smittestopp ئەپلیکەیشنێکە لە پەیمانگای نەرویجی بۆ تەندروستی گشتی (NIPH). مەبەست ئەوەیە کە یارمەتیدەر بێت لە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لە ناو کۆمەڵگەدا. دەتوانیت ئەوە هەڵبژێریت ئایا ئەپلیکەیشنەکە بەکاردێنیت.

ئەگەر پشکنینێک بکەیت و ئەوە نیشان بدات کە ڤایرۆسی کۆڕۆنات هەیە، دەتوانیت لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنەکە کەسانی دیکە ئاگادار بکەیتەوە. پێیان دەوترێت کە ڕەنگە تووشی نەخۆشی بوو بن و ئامۆژگاریان پێدەدرێت دەربارەی ئەوەی چی بکەن. بەم شێوازە، ئەپلیکەیشنەکە تەنانەت دەتوانێت ڕێگری بکات لەوەی خەڵکی زیاتر تووشی نەخۆشیەکە بن. ئەپلیکەیشنەکە بە کەس ناڵێت کەوا تۆ تووش بوویت.

## چۆن دەتوانم ئەپلیکەیشنی Smittestopp دابەزێنمە سەر تەلەفۆنەکەم؟

- ئەپلیکەیشنەکە لە App Store یان Google Play دابەزێنە.
- لە ناو ئەپلیکەیشنەکە، پەیڕەوی ڕێنماییەکانی سەر شاشە بکە.
- ئەگەر لەو شتە ناگەیت کە نووسراوە، داوا لە کەسێک بکە بۆتی ڕوون بکاتەوە.

## ئایا ئەپلیکەیشنی Smittestopp چۆن کار دەکات؟

کاتێک لە کەسێکەوە نزیکیت کە ئەویش ئەپلیکەیشنەکەی لە سەر تەلەفۆنەکەی خۆی دابەزاندووە، تەلەفۆنەکان هێما بۆ یەکتر دەنێرن.

ئەگەر کەسێکی دیکەش پشکنینی ڤایرۆسی کۆڕۆنای پۆزەتیف بێت، ئەپلیکەیشنەکە ئەوەی لە بیر دەبێت کە تەلەفۆنەکەت لە کەسێکی تووش بوو نزیک بۆتەوە. ئینجا لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنەکە نامەیەک وەردەگریت کە پێت دەڵێت پێویستە چی بکەیت. هەروەها دەتوانیت بڕیار بدەیت ئایا دەتەوێت ئاگاداری کەسانی دیکە بکەیتەوە ئەگەر خۆت تووش بوو بیت.

ئەگەر لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنەکە نامەیەکت وەرگرت، تەنها ئەوە دەزانیت کە بەرکەوتنت بۆ نەخۆشیەکە هەبووە، نەوەک کێ تووش بووە و لە کوێ تووش بووە. نە دەسەڵاتی گشتی و نە کەسە تایبەتەکان نازانن تۆ کێیت یان لە کوێ بوویت.

## تایبەتمەندیەتی

- پێویستە لە سەرووی تەمەنی 16 ساڵان بیت بۆ بەکارهێنانی Smittestopp.
- داتا دەربارەی تۆ لە دوای 14 ڕۆژ دەسڕدرێتەوە بێ ئەوەی پێویست بکات هیچ شتێک بکەیت.
- هەموو کاتێک دەتوانیت داتا دەربارەی خۆت لە ناو ئەپلیکەیشنەکە بسڕیتەوە.
- هەموو کاتێک دەتوانیت ئەپلیکەیشنەکە بسڕیتەوە.

**بەشدار بە لە گەڕاندنەوەی ژیانی ئاسایی ڕۆژانە**

FHI Folkehelseinstituttet

helsenorge.no/smittestopp

Smittestopp